**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیاری ژمـارە (١٣)ی سـاڵی ٢٠٢٢**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردستان کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠٢٢/٦/٢٢ کردوویەتی، بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**ماددەی (١):**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خـوارەوە ماناکـانی بەرامبەریـان دەگەیەنن:-

**یەکەم**: **هەرێم**: هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم**: **ئەنجومەنی وەزیران**: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم**: **وەزارەت**: وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار.

**چوارەم**: **وەزیر**: وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار.

**پێنجەم**: **دەستە**: دەستەی گەشتوگوزار.

**شەشەم**: **سەرۆکی دەستە**: سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار.

**حەوتەم**: **ئەنجومەن**: ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی دەستە.

**هەشتەم**: **بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی**: بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گەشـتوگوزار لە پارێزگاکـان و ئیـدارە سەربەخۆکان.

**نۆیەم**: **گەشـتوگوزار**: گەشـت و گـوزارکردنی کەسـێک یـان کـۆمەڵە کەسـێکە بـۆ مـاوەیەکی کـاتی، بە مەبەستی حەوانەوە، چێژوەرگرتن، پشوودانی دەروونی یان جەستەیی، بینینـی شـوێنەوار یـان هەواری مێژوویــی یــان شــوێنی ئــاینی یــان دیمەنــی سروشــتی، وەرزشــکردن، چارەســەری تەندروستی یان هەر بابەتێکی دیکەی هاوشێوە.

**دەیەم**: **ناوچەی گەشتیاری**: هەر شوێنێک کە بۆ مەبەسـتی گەشـتیاریی بگونجێـت، چ سروشـتی بێـت یان دروستکراو، موڵکی گشتی یان تایبەت یان تێکەڵ بێت.

**یـازدەیەم**: **دامەزراوەی گەشتیاری**: کۆمپانیا، نووسینگە و بریکاری گەشتیاریی دەگـرێتەوە، کە گەشـت ڕێکدەخەن یان خزمەتگوزاری و چالاکی گەشتیاریی بەڕێوەدەبەن، گشـتی بـن یـان تـایبەت یـان تێکەڵاو بێت.

**دوازدەیەم**: **گەشتیار**: کەسێکی سروشتییە، هاونیشتیمانی بێت یان بیانی، کە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی گەشتیاریی، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆ مەبەستی گەشتیاری.

**سێزدەیەم**: **پڕۆژەی گەشتیاری**: هەر پرۆژەیەکی بواری گەشتوگوزار، کە لەلایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی ئەنجامدەدرێت، گشتی یان تایبەت یان تێکەڵ بێت.

**چواردەیەم**: **وەبەرهێنانی گەشتیاری**: بەگەڕخستنی سەرمایەی مرۆیی و دارایی، لەلایەن کەسێکی سروشتی یان مەعنەوی، بۆ بونیادنان و پێشخستنی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێم.

**پازدەیەم**: **چالاکی گەشتیاری**: ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لە شوێنە گەشتیارییەکاندا لەلایەن دامەزراوە گەشتیارییەکانەوە یان لەلایەن گروپ و کەسانی ترەوە ئەنجام دەدرێن.

**شازدەیەم**: **ڕێنوێنیکاری گەشتیاری**: ئەو کەسەیە کە لەلایەن دەستەوە مۆڵەتدراوە و ئەرکی ڕێنوێنیکردنی گەشتیاران لەئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی (٢): ئامانجەکانی ئەم یاسایە بریتییە لە:-**

**یەکەم**: ڕێکخستنی کەرتی گەشتیاریی لە هەرێم، بەجۆرێک ڕۆڵی ئابووریی و ژیاریی و ڕۆشنبیریی ژینگەیی خۆی بەرجەستە بکات، لە ئێستا و لە داهاتوودا.

**دووەم**: پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاریی، کارکردن بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە ڕۆشنبیری و کلتوری و فەرهەنگییەکان، و پتەوکردنی ڕۆڵی کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ، و هاندانی سەرمایەگوزاریی نیشتیمانی و بیانیی بۆ وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیارییدا.

**سێیەم**: ڕێکخستنی هەماهەنگی و کاری تەواوکاری لەنێوان دامەزراوە حکومی و ناحکومییە ناوخۆیی و دەرەکییە پەیوەندیدارەکاندا بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی گەشتیاریی هەرێم.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم**: بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە، دەستەی گەشتوگوزار ئەم ئەرک و دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێت:-

١- دانانی پلانی ستراتیجی و بەرنامەی ساڵانەی تایبەت بە گەشتوگوزار، و گەشەپێدانی شوێنە گەشتیارییەکان وجێبەجێکردنی، دوای پەسەندکردنیان لەلایەن وەزارەتەوە.

٢- دانانی پێوەر و مەرجی تەکنیکی و بیناسازیی مۆدێرن و گەرەنتی ڕەچاوکردنی لە پرۆژە گەشتیارییەکاندا، و ئامادەکردنی سیستەمی پۆلێنکردنی دامەزراوە و پرۆژە گەشتیارییەکان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣- پێدانی مۆڵەتی کارکردنی شوێن و دامەزراوە گەشتیارییەکان بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٤- پێدانی لارینەبوون بۆ دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاری بەپێی یاسای وەبەرهێنانی بەرکار لە هەرێم و پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی پرۆژە بچوکەکانی بواری گەشتیاری کە بە پرۆژەی وەبەرهێنان هەژمار ناکرێن، بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥- چاودێریکردن و پشکنینی شوێنە گەشتیارییەکان و ئاراستەکردنیان بۆ چاککردنی جۆرێتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان و پەرەپێدانی چالاکیی گەشتیاری، لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

٦- ڕەتکردنەوەی وەبەرهێنان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا، ئەوانەی بنەماکانی سەرنجڕاکێشانی گەشتیارانیان تێدایە، بۆ هەر بوارێکی دیکە جگە لە پرۆژەکانی بواری گەشتیاری.

٧- بڕیاردان لەسەر دانانی چالاکییە گەشتیارییەکانی هەرێم وەک براندێکی نێوخۆیی و ڕێکخستنی کەرنەڤاڵە گەشتوگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، بەپێی ڕێنماییەک کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە، دەریدەکات.

٨- بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گەشتوگوزاری و ئامادەکردنی ڕێبەری گەشتیاری پەڕاویی و ئەلکترۆنی لە شێوەی (ئەپلیکەیشن)، تایبەت بە شوێن و پرۆژە گەشتیارییەکانی هەرێم.

٩- دامەزراندنی ناوەندی پسپۆڕ، و هاندان و پێشنیازی کردنەوەی پەیمانگە و ناوەند بۆ ڕاهێنانی کارمەندانی بواری گەشتیاری لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

١٠- بەشداریکردن لە چالاکی ڕێکخراوە گەشتیارییە جیهانییە تایبەتمەندەکان و کۆنفرانس و بۆنە و پێشانگە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە چالاکی گەشتیاریی، دوای ڕەزامەندی وەزارەت.

١١- دامەزراندنی نووسینگەی زانیاریی و گەشەپێدانی گەشتیاریی لە فڕۆکەخانە و دەروازە سنوورییەکان و شوێنە پێویستەکانی دیکە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، و بەکارهێنانی شێوازە هەمەڕەنگەکانی ڕیکلام بە مەبەستی ناساندنی شوێنە گەشتیارییەکان.

١٢- ئامادەکردن و پێشنیازکردنی ڕەشنووسی ڕێنمایی تایبەت بە کەرتی گەشتیاریی لە هەرێم.

١٣- کارکردن بۆ گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ شوێن و ناوچە گەشتیارییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

١٤- هەر ئەرکێکی دیکەی هاتوو لەم یاسایە و یاسا بەرکارەکانی دیکەی هەرێم، پەیوەست بە چالاککردن و پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری.

**دووەم**: دابەشکردن و پۆلێنکردنی ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێدراوە، بە ڕێنماییەک دیاریدەکرێت کە وەزیر پشتبەست بەم یاسایە و یاسای وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری بەرکار لە هەرێم، دەریدەکات.

**ماددەی (٤) :**

**یەکەم:** ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێت لەسەر پێشنیازی وەزارەت، کۆمپانیای گشتی یان تێکەڵاو لە بواری گەشتوگوزاریی، بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێم، دابمەزرێنێت.

**دووەم:** ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا ئامازەیان پێدراوە، سەربەخۆیی دارایی و کارگێڕییان دەبێت، و پێکهاتە و ئەرک و دەسەڵاتەکانی بە پەیڕەوێک ڕێکدەخرێت کە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

**ماددەی (٥) :**

**یەکەم:** پۆلێنکردنی تایبەتمەندی دامەزراوە گەشتیارییەکان و مەرجەکانی مۆڵەتی گەشتیاریی و دەستبەرداربوون لە مۆڵەت، بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە بۆ ئەم مەبەستە دەریدەکات.

**دووەم:** دامەزراوەی گەشتیاریی بە مۆڵەتی دەستە پیادەی کار و چالاکییەکانی دەکات.

**سێیەم:**

١- داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی دامەزراوەی گەشتیاریی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی گەشتوگوزار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دەکرێت.

٢- ماوەی مۆڵەتی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە (٢) دوو ساڵە و شیاوی نوێکردنەوەیە.

**چوارەم:** دەستبەرداربوون (تنازل) لە مۆڵەتی دامەزراوەی گەشتیاری بۆ دامەزراوەیەکی دیکە تەنها بە ڕەزامەندی دەستە دەبێت.

**ماددەی (٦) :**

دامەزراوەی گەشتیاری پابەند دەبێت بە:-

**یەکەم:** پیادەکردنی چالاکییەکانی بە گوێرەی تایبەتمەندی دیاریکراو لە مۆڵەتەکەیدا.

**دووەم:** پێدانی زانیاری لە ڕێگەی بەڕێوەبەراتییە گشتییەکانەوە بە دەستە، دەربارەی پلان و پڕۆگرامە گەشتیارییەکانی پێش جێبەجێکردنیان.

**سێیەم:** پێدانی زانیاری بە دەستە، دەربارەی گەشتیاران و هەر زانیارییەکی دیکە کە پەیوەندیدار بێت بە گەشتوگوزار، لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە، ئەگەر دەستە بە نووسراو داوای بکات.

**چوارەم:** ئاسانکاری بۆ مەبەستی چاودێری و پشکنین.

**پێنجەم:** بەگەڕخستنی دەستی کاری ناوخۆیی بە ڕێژەیەک کە لە ( ٧٥%) حەفتا و پێنج لە سەد کەمتر نەبێت، جگە لەو پڕۆژانەی کە پێویستی بە پسپۆڕیی تایبەت و دەستی کاری شارەزا هەیە بەمەرجێک لە هەرێمی کوردستان بوونیان نەبێت.

**شەشەم:** هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت، یان دەستە لە گرێبەستی نێوانیاندا زیادی دەکات.

**ماددەی (٧) :**

**یەکەم:** ناوچەی گەشتیاری دەستکرد و بونیادنراوەکانی سەر ناوچەی گەشتیاری سروشتی بە مۆڵەتی دەستە دادەمەزرێت، و مەرجەکانی مۆڵەتی شوێنی گەشتیارییش بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە، دەریدەکات.

**دووەم:** داواکاری وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی شوێنی گەشتیاریی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەکرێت.

**سێیەم:** شوێنە گەشتیارییەکان پابەند دەبن بە ئاسانکاریی بۆ مەبەستی چاودێری و پشکنین.

**ماددەی (٨) :**

**یەکەم:** پیادەکردنی کاری ڕێنوێنی گەشتیاریی بە مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی دەستەی گەشتوگوزار دەبێت، مەرجەکانی مۆڵەتیش بە ڕێنمایی دیاریدەکرێت کە وەزارەت لەسەر پێشنیازی دەستە، دەریدەکات.

**دووەم:** ڕێنوێنیکاری گەشتیاریی پابەند دەبێت بە:-

١- پیادەکردنی کاری ڕێنوێنکاری بەو مەرج و ڕێکارانەی لە مۆڵەتەکەیدا هاتووە.

٢- پیادەکردنی ڕێسا پیشەییەکانی کاری ڕێنوێنکاری.

٣- هەر پابەندییەکی دیکە کە بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت.

**ماددەی (٩) :**

**یەکەم:** ماف وئەرکەکانی گەشتیار، بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییە پەسەندکراوەکان، پارێزراو دەبێت.

**دووەم:** دەستە ڕێوشوێن بۆ دەستەبەرکردنی مافی گەشتیار لە بەرامبەر دامەزراوە و شوێنە گەشتیارییەکاندا دەگرێتەبەر.

**سێیەم:** ئەگەر هەمان جۆری چالاکی گەشتیاری لەلایەن زیاتر لە یەک دامەزراوەی گەشتیاری ئەنجام درا، ئەوا سەرجەمیان پێکەوە بەرپرسن لە قەرەبووکردنەوە بەرامبەر هەر هەڵە یان سەرپێچیەک کە زیان بە گەشتیار بگەیەنێت و دەرئەنجامی کاری هاوبەشی ئەو دامەزراوانە بێت.

**ماددەی (١٠) :**

**یەکەم:** بینینی داوای شارستانی (مدنی) لە بواری گەشتوگوزار و یەکلایی کردنەوەیان، لەلایەن دادگاکانەوە سیفەتی بەپەلەی پێدەدرێت.

**دووەم:** لەو ناوچە گەشتیارییانەی کە بنکەی پۆلیسی تێدایە، هۆبەی پۆلیسی گەشتیاری دادەمەزرێت، و ئەرکیان پاراستنی گەشتیار و ناوچە گەشتیارییەکان دەبێت.

**ماددەی (١١) :**

دامەزراوەی گەشتیاری بە داخستنی کاتی و پێبژاردنێک کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەی (دووەم) لە ماددەی (٥) و ماددەی (٦)ی ئەم یاسایەی کرد، یان زانیاریی و بەڵگەنامەی نادروستی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

**ماددەی (١٢) :**

**یەکەم:** دامەزراوەی گەشتیاری بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠,٠٠٠) دوو سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت، بۆ هەر ڕۆژێک دواکەوتن لە نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردن.

**دووەم:** ئەگەر دامەزراوەی گەشتیاریی ماوەی زیاتر لە (٦٠) شەست ڕۆژ بەسەر نوێ نەکردنەوەی مۆڵەتەکەیدا بەبێ پاساوی ڕەوا تێپەڕی، ئەوا سەرباری سەپاندنی سزای هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، دوای ئاگادارکردنەوەی، نوێکردنەوەی مۆڵەتەکەی بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ دوادەخرێت و ئەگەر هەر پابەند نەبوو بۆ ماوەیەک کە لە (١) یەک ساڵ کەمتر نەبێت مۆڵەتەکەی دوادەخرێت، و لەو ماوەیەدا ڕێگەی کارکردنی پێنادرێت.

**ماددەی (١٣) :**

هەر یەک لە دامەزراوەی دەستبەرداربوو و دامەزراوەی دەستبەرداربۆکراو بە پێبژاردنێک کە لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر دەستبەرداربوونەکەیان بە پێچەوانەی بڕگەی (چوارەم)ی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە، ئەنجامدا.

**ماددەی (١٤) :**

ناوچەی گەشتیاری بە داخستنی کاتی کە لە (٣٠) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت و پێبژاردنێک کە لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەکانی (یەکەم، سێیەم)ی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایەی کرد یان زانیاریی و بەڵگەنامەی نادروستی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد .

**ماددەی (١٥) :**

**یەکەم:** ڕێنوێنیکاری گەشتیاری بە پێبژاردنێک کە لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، ئەگەر سەرپێچی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٨)ی ئەم یاسایەی کرد یان زانیاری و بەڵگەنامەی نادروستی بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت پێشکەشی دەستە کرد.

**دووەم:** ڕێنوێنیکاری گەشتیاریی بە پێبژاردنێک کە لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەد وپەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزادەدرێت، بۆ هەرجارێک کە سەرپێچی پابەندییەکانی هاتوو لە بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (٨)، بکات.

**ماددەی (١٦) :**

**یەکەم:** لەکاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکانی هاتوو لە ماددەکانی (١١، ١٣، ١٤، ١٥)ی ئەم یاسایە، بڕی پێبژاردنەکان دەبنە دوو هێندە.

**دووەم:** ئەگەر سەرپێچیکار بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچییەکانی هاتوو لە ماددەکانی ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا، ئەوا بەپێی قەبارەی سەرپێچییەکە، مۆڵەتەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی ڕادەگیرێت یان هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٧) :**

**یەکەم:** سەرۆکی دەستە یان ئەوەی ڕایدەسپێرێت، دەسەڵاتی سەپاندنی سزاکانی هاتووی لەم یاسایەدا هەیە، پشتبەست بە ڕاسپاردەی لیژنەیەک کە دەستە یان بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ئەو مەبەستە دروستیدەکات.

**دووەم:** بڕیارەکانی سزادان بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە بەرواری پێڕاگەیاندنیان، یارای تانەلێدانن لەبەردەم دادگای کارگێڕیی بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای بەرکار لە هەرێم.

**ماددەی (١٨) :**

سەپاندنی سزاکانی هاتوو لەم یاسایەدا، ڕێگر نییە لە سەپاندنی هەرسزایەکی دیکەی هاتوو لە یاسای سزاکانی بەرکار لە هەرێم.

**ماددەی (١٩) :**

**یەکەم:** بڕی ڕەسمی پێدان و نوێکردنەوەی مۆڵەتی پیادەکردنی کاری دامەزراوە و شوێنە گەشتیارییەکان و ڕێنوێنکاری گەشتیاری، بەپێی پەیڕەوێک دیاریدەکرێت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت.

**دووەم:** (٣٠%) لەسەدا سی بڕی داهاتی بەدەستهاتوو بەپێی بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە بۆ مەبەستی پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری تەرخان دەکرێت.

**ماددەی (٢٠) :**

مەرج و خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو شوێنە گەشتیارییانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەلایەن وەزارەتەوە بە ڕێنماییەک دیاریدەکرێن.

**ماددەی (٢١) :**

**یەکەم:** دوای لارینەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، زەوی کشتوکاڵی بۆ پرۆژەی گەشتیاری، لەبەر ڕۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم، بەمەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژە گەشتیارییەکان، دەکوژێندرێتەوە.

**دووەم:** بەدەر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان، وەزارەت دەتوانێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، هەر زەوییەکی تر بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆژە گەشتیارییەکان، تەرخان بکات.

**ماددەی (٢٢) :**

**یەکەم:** خاوەنی ئەو زەوییانەی موڵکی تەواون (ملک صرف)، دەتوانن بە ڕەزامەندی دەستە پرۆژەی گەشتیاری بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دابمەزرێنن، بەڕەچاوکردنی پێگەی جوگرافی و لە چوارچێوەی سیاسەتی گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە هەرێم.

**دووەم**: خاوەنی مافی ڕەفتارپێکردن لەسەر ئەو زەویانەی موڵکی دەوڵەتن، بەدەر لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٨)، لەسەر ڕووبەرێک کە لە (٢٠%) بیست لەسەدی تەواوی ڕووبەری زەویەکە تێپەڕ نەکات، لەسەر داواکاری کەسەکە و پێشنیازی دەستە، دوای لارینەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانن پڕۆژەی گەشتیاری بونیادبنێن، بەرامبەر بەکرێیەک کە بڕەکەی بە ڕێنمایی لەلایەن وەزیری دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیر دیاریدەکرێت.

**سێیەم**: خاوەنی مافی ڕەفتارپێکردن لەسەر زەویەک کە ڕووبەرەکەی لە (٥) پێنج دۆنم کەمترە، بە هەمان مەرج و ڕێکاری هاتوو لە برگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیە، دەتوانێت (٥٠%) پەنجا لەسەدی ڕووبەری زەوییەکە بکاتە پڕۆژەی گەشتیاری بەمەرجی پابەندبوون بە پاراستنی پارێزراوە سروشتییەکان و پابەندییە ژینگەییەکان.

**ماددەی (٢٣) :**

**یەکەم**: دەستە دەتوانێت ئەو زەویانەی کە بۆ مەبەستی گەشتیاری تەرخانکراون، تەنها بۆ پڕۆژەی گەشتیاری بەکرێ بدات.

**دووەم:**

١- ماوەی گرێبەستی بەکرێدانی زەوی و پڕۆژەی گەشتیاری، لە دوای ڕۆژێک لە تەواوکردن یان نۆژەنکردنەوەی پڕۆژەکە، کە پێشتر ماوەکەی لە ڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە دیاریکراوە، هەژماردەکرێت، و کرێی ماوەی تەواوکردنی پڕۆژەکەش لەسەر زەویەکە وەردەگیرێت.

٢- ئەگەر خاوەن پڕۆژە دەستی لە پڕۆژەکە هەڵگرت یان نەیویست گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە، ئەوا لە بەکرێدانی ئاشکرادا بەکرێ دەدرێتەوە.

٣-

أ- جگە لە گرێبەستی بانەوانی، گرێبەستەکانی بەکرێدانی شوێن و پڕۆژە گەشتیارییەکان لەلایەن دەستەوە، کە ماوەیان لە (١٥) پازدە ساڵ کەمترە، بۆ یەک جار یارای درێژکردنەوەن، بەو مەرجەی ماوەی بنەڕەتی و ماوەی درێژکراوە پێکەوە لە (١٥) پازدە ساڵ تێپەڕ نەکات و بڕی بەرامبەری ڕاستەقینە بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)دا هاتوون، بخەملێنرێتەوە.

ب - ماوە و بڕی بەرامبەر و مەرجەکانی درێژکردنەوە، لەسەر پێشنیاری دەستە و بە ڕەزامەندی وەزیر دیاری دەکرێت.

**ماددەی (٢٤) :**

**یەکەم:**

١- دەستە لە ڕێگەی لیژنەیەکەوە، کە پێکهاتەکەی بە ڕێنماییەک دیاریدەکرێت کە وەزارەت بۆ ئەو مەبەستە دەریدەکات، لە داواکاری ئەو کرێچیانە دەڕوانێت، کە وەبەرهێنانی گەشتیارییان لەسەر ماڵ و موڵکی دەوڵەت بە گرێبەست لەناوچە تازە گەشەسەندووەکاندا کردووە، و پڕۆژەکانیان مایەی خۆی ناهێنێتەوە و داوای لێخۆشبوون لە کرێ دەکەن .

٢- ئەگەر دوای هەڵسەنگاندن، لیژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە داواکارییەکە مەرجی لیخۆشبوونی تێدایە، پێشنیازی لێخۆشبوون لە کرێ بۆ وەزیر دەکات.

٣- وەزیر بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیی گشتی و پەرەپێدانی گەشتیاری لەو ناوچە تازە گەشەسەندووانە بڕیاری لێخۆشبوون تەنها بۆ ماوەیەکی دیارکراو کە لە دوو ساڵ زیاتر نەبێت، دەدات.

**دووەم**: دەستە دەتوانێت دوای ڕەزامەندی وەزارەت، ماوەی گرێبەستی پڕۆژە گەشتیارییە بەکرێدراوەکان لە گوندەکان درێژ بکاتەوە، ئەگەر لە ماوەی بەکرێدانەکەدا، دوای جێبەجێکردنی ڕێژەی (١٠٠%) لە سەدا سەدی پڕۆژەکە، بەپێی توێژینەوەی کەڵکی ئابووری، سەرمایەی پڕۆژەکە بەدەست نەهاتبێت.

**ماددەی (٢٥) :**

**یەکەم**: ئەو کەسەی زەوی بە بەرامبەر بۆ تەرخان دەکرێت، مافی هەیە بە ڕەزامەندی دەستە، پڕۆژەکە یان ئەو شوێنە گەشتیارییەی لەسەری دروستکراوە، لەدوای تەواوبوونی بەڕێژەی (١٠٠%) لە سەدا سەدی، بەبێ زەوییەکە، بفرۆشێتە کەسانی دیکە، بەمەرجی زیادکردنی (٢٠%) بیست لە سەدی کرێی ساڵانەی زەوی.

**دووەم**: خاوەنی پڕۆژە گەشتیارییەکان کە لانیکەم (٥١%) لە سەدا پەنجا و یەکی پڕۆژەکانیان دروستکردووە، دەتوانن بە مەبەستی تەواو کردنی پڕۆژەکە، داوای هاوبەش (ادخال شریک) بکەن.

**ماددەی (٢٦) :**

وەزیر لەسەر پێشنیازی دەستە ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ئەمانەی خوارەوە دەردەکات.

**یەکەم**: چاودێری و پشکنینی دامەزراوە گەشتیارییەکان.

**دووەم**: کردنەوەی پەیمانگە و ناوەندەکانی تایبەت بە ڕاهێنانی گەشتیاریی لە کەرتی گشتی و تایبەت و تێکەڵ.

**سێیەم**: مۆڵەتدانی پڕۆژە گەشتیارییەکان بەپێی سیستەمی دابەشکردنی کات بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابوریی.

**چوارەم**: ئامادەکردنی ڕێبەرە گەشتیارییەکان.

**پێنجەم**: دیاریکردنی کاتی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی کار و چالاکیە گەشتیارییەکان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا.

**ماددەی (٢٧) :**

**یەکەم**: ئەو پڕۆژە و دامەزراوە گەشتیارییانەی دەکەونە ناو پۆلێنکراوی وەبەرهێنانی گەشتیاری، ئەو لێخۆشبوونانە دەیانگرێتەوە کە بەپێی یاسا بەرکارەکانی هەرێم بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بڕیاریان لێدراوە.

**دووەم**: لێخۆشبوونی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە، ڕەسمەکانی تایبەت بە پیادەکردنی پیشە ناگرێتەوە.

**ماددەی (٢٨) :**

پشکەکانی کۆمپانیای (ئینشکۆ)ی هاوپشکی تێکەڵ کە (٤٩%) چل و نۆ لە سەدی سەرمایەی کۆمپانیاکەیە و بەناوی وەزارەتی دارایی عێراق تۆمارکراوە بەبێ بەرامبەر بەناوی وەزارەت تۆمار دەکرێت و گواستنەوەی تۆمارەکە لە باج و رسومات دەبوردرێت.

**ماددەی (٢٩) :**

وەزیر خۆی یان لەسەر پێشنیازی دەستە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**ماددەی (٣٠) :**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٣١) :**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٣٢) :**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی گەشتوگوزار لە فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات لە هەرێم، و ئەو ڕەهەندانەی لە ناساندنی شوناسی شارستانی و کلتووریی رۆشنبیری و دەستکەوتی تەلارسازیی گەلی کوردستاندا هەیەتی، و بۆ جەختکردنەوە لە گرنگی پلاندانان و کارکردن لەسەر پیادەکرنی ستراتیجیەتێکی ڕوون بۆ کاراکردنی کەرتی گەشتوگوزار و بەشدرایکردنی لە گەشەپێدانی ئابوری نیشتیمانیدا، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٢/٨/٤**